# ئوسامە ئەنوەر عەكاشە

## نوسەری (ليالى الحلمية، هوانم گاردن سيتى، الشهد والدموع)

كازيوە سالح/ قاهيرە

- ئيمە دەماننوسی و خوينەرمان نەبوو، بۆيە رووم كردە نوسينی درامای تەلەفزيۆنی.
- من سەرسامی زۆر سيفەتی كوردم... دەزانم گەليكی بەهيزن
- كورد مافی رەوای خۆيەتی داوای دەولەتی كوردی بكات.
- ئەگەر زانياريم وەدەست بخەن بەرهەميك لەسەر كورد دەهينمە ئاكام.

**پ/ ئوسامە ئەنوەر عەكاشەی نوسەر لەجيهانی كورتەچيرۆك نوسينەوە هات بەرەو جيهانی تەلەفزيۆن، ئيستا پاش ئەو ئەزمونە دريژە چۆن ئەو گۆرانكاريە باس دەكەيت و چۆنی هەلدەسەنگينی؟**

و/ رووكردنە نوسينی درامای تەلەفزيۆنی چارەسەريك بوو بۆ ئەو تەنگوچەلەمانەی نوسەرانی چيرۆك و رۆمانی نەوەكەی من رووبەرووی دەبوونەوە. ئيمە دەماننوسی، بەلام خوينەر نەبوو، ئەوەش مانای ئەوەيە كاری داهينانەكە ناتەواوی تيكەوت، چونكە داهينان لەسەر سێ كۆلەكە بەندە ئەوانيش (نوسەر، خوينەر، رەخنەگر) هەركام لەمانەش نائامادەبوو، ئەوا پرۆسەی داهينانەكە دەروخێ و هيچ نرخيكی نامينيت، من پرسيارم لەهەموو ئەوانە كرد كەلەتەمەنی خۆمدا بوون، يان ئەو نوسەرانەی نەوەی من بوون، نووسەری بێ خوينەر چی دەگەيەنيت؟ كيشەی ولاتی ئيمەش ئەوەيە كە پانتاييەكی فراوانی نەخويندەواری هەيە. ئەو كاتە زۆر زياتر بوو، ئيمە تەنها بۆ خۆمان دەماننوسی، هەروەكو لەبۆنەيەكيشدا گوتم لە ميسردا ژمارەی نوسەرانی كورتە چيرۆك لە ژمارەی خوينەرانی زياتر بوون، ئەوەش كارەسات بوو، پيويست بوو مرۆڤ يان پينوسەكەی پەك بخات يان بەدوای ئامرازيكدا بگەريت كە بتوانيت لەميانەيەوە بگات بە مەسەلەكان و هەروەها شتيك بە وەرگر بلێ. بۆيە لەدرامای تەلەفزيۆنيدا



هۆكاريكی نويی زۆر سەرنج راكيشم دۆزيەوە كە كاريگەرييەكی بەهيزيشی هەيە و پيويستيشی بە خويندەواری نييە، جگە لەوەی تەنها هۆكاريكە زۆرترين ژمارەی خەلكی لە دەور كۆدەبنەوەو لەيەك كاتدا دەبيت بەكاری مليۆنەهاو نرخە هونەريەكەشی لەدەست نادات، ئەوەش لەهيچ هۆكاريكی تردا نادۆزيتەوە نە نوسين نە سينەما و نە شانۆش.

**پ/ كەواتە رووتان كردە ئەو بوارە بۆئەوەی داهينان لەو هاوكيشە قورسە رزگار بكەن، نەك بۆ نوسينی سيناريۆ؟**

و/ دوايی نوسينی سيناريۆشم لا خۆشەويست بوو، چونكە زانيم رەگەزيكی ئەدەبی يان هونەری جياوازە، بەلام لەهەمان كاتدا زۆر چيژبەخش و كاريگەرە، بەلام لەسەرەتادا تەنها گەرانيك بوو بەدوای چارەسەركردنی ئەو هاوكيشە قورسەدا.

**پ/ كاتيك دەچيتە نيو جيهانی خەيالی و داهينان و نوسينی واقعی خۆتەوە هەست بەچی دەكەيت؟ چۆن دەست پێ ئەكەيت؟**

و/ دەمەوێ بنەمای مەسەلەكە بگەرينمەوە كە ئامرازی نوسەرە، هەموو نوسەريك كۆمەلێ ئامرازو زەخيرەی خۆی هەيە، ئەگەر زانی باش بەكاريبهينيت و نوسەريكی باش بيت، ليرەدا دەمەوێ خەيالْ و واقع بەيەكەوە پەيوەست بكەم و خەيالی بەئاسمان يان بۆ شايی هەلواسراويش نييە، چونكە لەبنەمادا خەيالْ لە واقعەوە بەرجەستە كراوە، گرنگترين ئامرازی نوسەر وردبينیو وردی تيبينی كردنيەتی، ئەو تيبينی هەموو ئەو شتانە دەكات لە دەوروبەريدا روودەدەن بەشيوەيەكی سروشتی و خۆيی، هيچ نوسەريكيش ئيعلانی ئەو شتانە ناكات، چونكە بەسروشتی

www.kurdistannet.org 24-4-2003

دەزانیت، بەڵام پێویستە بەرلەوە نوسەر چاوی تیژ بیت و توانای قۆستنەوەی جیاوازیەکانی هەبیت، ئەو جیاوازیانەی کەلە دەوروبەردا هەیەو لەناو شتەکاندا دەیانبینی، ئەمەش دەمانگەیەنیت بە ئامرازی دووەم کە کۆکردنەوەیە.. پێویستە زانیاری و تیبینیەکانی کۆبکاتەوە و بنیریت بۆ نەست (العقل الباطنی) و ئەوێ ناوبنین گۆگای زانیاریەکانمان، توانای سیهەم توانای گەرانەوەیە. واتە نوسەر ئەو کاتەی دەنوسیت هەموو ئەو زانیاریانەی لە نەستدا کۆیکردوەتەوە بیگەرینیتەوە بۆئەوەی کاریکی هونەری پێ دروست بکات و پاش ئەمەش دەگەین بە توانای چوارەم، ئەویش خالی تەرکیز کردنە.

**پ/ بەرای ئیوە نوسینی سیناریۆ پیویستی بە خەیالیکی فراوانتر هەیە هەتا نوسینی چیرۆك و رۆمان؟**

و/ پیویستی بەتوانای گواستنەوەی گیرانەوەیە بۆ وینە، چونکە پیم وایە نوسەری باش یان رۆمان نوسی باش کاتیك چیرۆك یان رۆمان دەنوسن وینەیەکیان لە خەیالدایە، هەر دەبێ خەیالی وینەیەکی هەبیت و ئەوە شتیکی گرنگە، بەڵام کاتیك دەمانەوێ سیناریۆیەك بنوسین کاریکی ئاسانترە، چونکە نوسەر لەبنەمادا خۆی خاوەنی کۆمەلیك فەنتازیاو خەیالە.

**پ/ بۆچی ئیوە لە کارەکانتاندا زۆر بایەخ بە جوگرافیا یان پەیوەندی شوین دەدەن؟**

و/ درامای سەرکەوتوو ئەوەیە کە وەڵامی سێ پرسیار دەداتەوە (لەکوێ، کەی، چۆن)، کەواتە پەیوەندی شوین بەکەس و بەکاتەوە زۆر گرنگە، چونکە ئەوە سەنگ و متمانە بەکارەکە دەبەخشیت. هەروەها دەگوترێ، هەمیشە پەیوەندیەکی جەدەلی لەنیوان مرۆڤ و شوین و کاتدا هەیە، ناتوانریت کەسەکان لە بۆشایدا بجولینیت، پیویستە ئەو بۆشاییە پرکرابیتەوە بەکات و شوین، لیرەدا زەمەن کەسەکان بەرەو رەهەندی راستەقینە دەبەن و شیوازی رەنگ و رووی وەردەگرن، چونکە ناتوانین لەسەر کەسیك بنوسین کە لە لادییەکدا دەژی وەکو ئەوەی لەشاردا دەژی کە ژینگەو کات و شوینەکەی جیاوازە.

**پ/ سەرجەم کارەکانت دوو فاکتەری گرنگیان لەخۆ گرتوە، جورئەتی رەمزی و هونەری لەگەڵ هاوچەرخیدا، ئایە ئەو دوو فاکتەرە لەکارەکانی تۆدا هەن و وای کردوە کە هەلویستی رەقابەی میسری بگۆریت بەرامبەر ئەو کارانەی کە دەیخەیتە بەردەستیان؟**



و/ ئیمە کۆکین لەسەر ئەوەی کە دراما رەگەزیکی ئەدەبیە، دەبێ ئەوە لەلامان بنەمایەکی سەرەکی بیت، ئەدەبیش جۆرەها تەکنیك بەکار دەهینیت لە ئالیەتی رەمزو سەپاندنی بەسەر واقعدا، لە میژووی باناوی بنین (فیلی هونەری)یەوە ئەو مەسەلەیە هەر هەبووە، ئیتر دەکەویتە سەر توانای خۆت، دەتوانیت باش بەکار بهینیت کە گوزارشتکەرو کاریگەر بیت، یان بە پیچەوانەوە. بەڵام پیویستە وەها بەکار بهینریت کە بۆ جەختکردن لەسەر بیرۆکەکەو وینەکیشانی روخساری کەسایەتیەکان بیت.

من پیموایە ئەمە یەکیکە لە هۆکارە گرنگەکانو نوسەر مافی خۆشیەتی بەو شیوەیە بەکاری بهینیت کە خۆی بەپیویستی دەزانیت.

**پ/ گوتمان یەکەم روخساری کارەکانتان جورئەتە، بەرجەستەکردنی ئەو جورئەتە نابیت بەهۆی کیشەو ململانێ لەگەڵ رەقابەو شوینە رەسمیەکاندا؟**

و/ زۆر زۆریش، میژووم لە نوسیندا میژووی نەزانراوەکانە، پیشم وایە پیویستە مرۆڤ لەسەرەتاوە ئامادەی ئەوەبیت قەرەبووی هەلبژاردنەکانی خۆی بدات، من خۆم ئەوەم هەلبژاردو نوسینی خۆراییش نییە.

**پ/ ئیوە نوسەری بەنرخترین و زۆرترین زنجیرە تەلەفزیۆنەکانن وەکو (لیالی الحلمیه، هوانم جاردن سیتی، رایه البیضاء، الشهدوالدموع ...هتد) بەڵام پاش فیلمی (أبواب الفجر) هیرشیکی نارەوات کرایە سەر هۆی چی بوو؟**

و/ هەتا ئیستا ناوەناوە ئەو هیرشە هەر دووبارە ئەبیتەوە، کاتیك مەسەلەیەك یان مەبدەئیك هەلدەبژیرم و داکۆکی لی ئەکەم. پیویستە ئامادەی ئەوەش بم کە باجی ئەو مەسەلەیە بدەم کە هەلمبژاردووە، من هەر لەسەرەتاوە ئەوەم هەلبژارد کە نوسەریکی بێ هەلویست و بێ مەسەلە نەبم. پیشم لەسەرئەوە داگرت کە نوسینەکانم پیویستە ئیلتیزام بکەن بە هەندی مەسەلەی دیاریکراوەوە، پابەندبوونم بەو مەسەلانەوە وای کردوە لەم لاو ئەولاوە دوژمنی هاودژم بۆ دروست بیت لەوجۆرە دوژمنە کەبەرگری لەو هەلویستانە دەکات کەمن بەرگری لە دژەکەی دەکەم، کاتیك داوایان لی کردم فیلمیك لەسەر ئۆکتۆبەر بنووسم کە (أبواب الفجر) ئاماژەی پێ کردووە، کاتیکیش کارەکە کرا ئەوانەی کە پییان دەگوترێ (ساداتی) زۆریان پێ ناخۆش بوو،و لە رۆژنامە میسریەکاندا هیرشیان کردە سەرم، بۆیەکەم جاریش بوو لە میژوودا داوا بکەن نوسین لە نوسەریك قەدەغە بکەن، نەك پاش نوسینش، پیش ئەوەی کارەکە تەواو بیت هیرش بکریتە سەرت لەراستیدا من بەو مەسەلەیە سەغلەت نەبووم، چونکە ئەو (أبواب الفجر) مەسەلەیەکە بۆ بەردەم رای گشتی و شوین وجیگەی زۆر لایەنی ململانیکەشم دەستنیشان کردو بەئەنجامی ئەو جەنگەش بەختەوەر بووم.

**پ/ ئایە بەهۆی ئەو شەرو ململانییەوە بوو پیت دەگوترێ (ناصری)یت؟**

و/ ئەوان وا ئەلین، بەڵام من دژی هەموو ناولینان و پۆلین کردنیکم لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیشمدا پەیوەندی حزبیم نەبووە و بەهەموو شیوەیەکیش رەتم کردوەتەوە، مەسەلەی ئەوەش لەگەڵ هەندێ بۆچوونی (جەمال عەبدولناسر) دا یەکدەگریتەوە ئەوە یەکگرتنەوەیە لەگەڵ سیاسەتیکدا یان بوچونیکی دیاریکراودا ئەوەش مانای ئیمزاکردن نییە لەسەر پەرەی سپی یان دەنگی خۆم بدەم بەهیچ کەسیك وەکو چۆن لەگەڵ عەبدولناسردا لەهەندێ شتدا کۆك دەبم لەهەندیکیشدا دژم.

**پ/ کەواتە بۆچی دەگوترێ لە زنجیرە تەمسیلی (لیالی الحلمیه)دا دەستکەوتەکانی (السادات)ت بایەخ پێ نەداوەو دەستکەوتەکانی (جمال عبدالناصر)ت زەق نیشانداوە؟**

و/ من کەباسی ماوەی (جمال عبدالناصر)م کردوە باسی چاکی و خراپیەکانیم کردوە، زۆریش لەسەر پاشەکشەو هەڵاتنی (٦٧) وەستام و دژی وەستام، بەڵام ئەوانەی لایەنگری ساداتن کاتیك دژایەتی جەمال عەبدولناسر بکریت هەلهەلە لیدەدەن، بەڵام ئەگەر هیرشت کردە سەر سادات لەدیدی ئەواندا تاوانیکی گەورەت کردوە کە لیخۆشبونی نییە، ئەوەش روویدا کاتیك لەبەشی یەکەمدا باسی کەموکوریەکانی عەبدولناسرم کردبوو، زۆر دەست خۆشییان لی کردم و بەبەرهەمیکی بەنرخیان چواند، بەڵام کاتێ گەشتم بە بەشی دووەم و باسی کەموکوریەکانی ساداتم کرد و باسی مەسەلەی کامپ دیڤید و پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلم کرد، کردیان بەهەلا گوایە دژی ساداتم، ئەوەش تۆمەتیکی منالانەو ئاست نزمە، گرنگ ئەوە بوو لەلای ئەوان بیسەلمینن کە من دژی ساداتم، بەڵام مەسەلەکە لەشتی کەسیتیەوە دوورە، من پیم وایە سادات

www.kurdistannet.org 24-4-2003

مەسەلەی نیشتمانی هەندێ جار دەدۆڕاند. ئەوانە بەرگری لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکەن، چونکە لەکاتی ساداتدا زۆر قازانجیان کرد.

**پ/ راستە دەکرێ ئەوە بۆ بەرژەوەندی کەسی بێت، بەلاّم ئەمانیش هەرمەسەلەی نیشتمانیان دۆڕاندوە دەنا بەرژەوەندی کەسی ناخەنە پێش بەرژەوەندی نەتەوەییەوە، چونکە ئێوە رەمزێکی گەورەی میسری و عەرەبین و ئەوانیش بەوشێوەیە دەیانەوێ سومعەتی ئەو رەمزە بشێوێنن، ئەمەش زیانی نەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە؟**

و/ ئەوان سومعەت و ناوبانگی عەبدولناسریان شێواند ئیتر چۆن هی کەسێك ناشێوێنن ئەگەر راستییەکی گوتبێت، هەرئەوەش ئامانجی سەرەکییان بوو، پێویستە درك بەوە بکەین کەلەکاتێکی خراپدا دەژین، هەروەها دەبێ درك بە لۆژیکی بونیان بکەین وەکو هەموو سلبیات و شتە دزێوانە کە هەن، ماوەیەکەو دەبێ بەرگەی بگرین چونکە ئەوانە بەئاسانی تێدەپەڕن.

**پ/ ئەم نەخۆشییە گەشتوە بەلای ئێمەش، رۆژنامە کوردیەکان رۆژانە رەمزی کوردی دەشێونن، بەلاّم سەیر لەوەدایە وەکو جەنابت دەفەرمووی ئەمانە زوو تێدەپەڕن یان با بلێین وەکو بلّقی سەرئاون، کەچی زۆر بەمتمانەوە ئەو شەرە دەکەن گوایە لەجەماوەرێتی کەسەکە کەم دەکەنەوە، ئەوەش نەخۆشی دەروونیە؟**

و/ بەلێ ئەوە نەخۆشی دەروونیە، بەلاّم کارەکانم خۆیان دێنە گۆو قسە دەکەن، سوپاس بۆ خواش لەسەر ئاستی جەماوە، و گەلدا دەنگم دەگات، پێشم وایە کاتێك کارێکی هونەری باش کاریگەری دەبێت بۆسەر جەماوەر هەموو بوختان و شتە سلبیەکان دەسڕێتەوە کە دروستیان کردوە، ئەوانە سالأنێکی دورودرێژە هێرشم دەهێننە سەر، بەلاّم نەیانتوانیوە رای خەلّکەکە لەسەرم بگۆڕن و خەلّکیش زیاتر باوەڕو متمانە بەقسەی من دەکەن هەتا ئەوان، چونکە لەکۆتایدا ناتوانیت درۆ لەگەلّ جەماوەردا بکەیت و یان بەدرۆ قەناعەتی پێ بکەیت، چونکە توانای جیاکردنەوەی راستییان هەیە لە درۆ، تۆ راست دەفەرمویت ئەوانە هیچ رۆحێکی نیشتمانی و مرۆییان تێدا نییە بەە بوختان دەیانەوێ رەمزێکی خۆیان بشکێنن.

**پ/ تۆ توانای هەندێ هونەرمەندت دۆزیوەتەوەو گەیاندت بە لوتکەش وەکو فردەوس عەبدولحەمید و هەندێکی تریش هەروەها پێم وایە صلاح السعدنیش هەر جەنابتان لە پشت بەلوتکە گەیاندنیەوە بوون، بەلاّم بەوە تاوانبار دەکرێیت کە تۆ تەنها بۆ هونەرمەندە ناسریەکان ئەوە دەکەیت؟**

و/ من کار لەسەر رۆمان دەکەم، لەوانەیە لەهەموو رۆمانێکیشدا هونەرمەندێك ببینم بەبێ ئیستیسنا، بۆنمونە (ليالى الحلميه) هەموو مرۆڤێکی میسری تێدا دەبینیت بەهەموو ئاستە جیاوازەکانەوە، واتە کارەکانم کەخۆیان لە(٤٠)کاردەدەن سەرجەم هونەرمەندانی ژن‌وپیاوی میسری تێدا کۆبوونەوە، خاتوو فردوس عبدالحمیدیش وەکو هەر هونەرمەندێکی دیکە ڕۆلّی بینیوە، خۆ (ئاثار الحکیم)لەچەندین کاری مندا ڕۆلّی بینیوە هەروەها (ممدوح عبدالحليم و صلاح السعدنیو يوسف شعبان)یش لەچەندین کاردا ڕۆلّی سەرەکییان بینیوە.

**پ/ پێم وایە (فردوس عبدالحمید) تەنها پالّەوانی زنجیرە تەلەفزیۆنی (عصفور النار)ە.**

و/ بەلّێ تەنها پالّەوانی (عصفور النار)و (وقال البحر)ە، ئەو تاوانەی دەدەنە پالّ.

**پ/ حکایەت‌و کێشەکان لەگەلّ بەرنامەی (حق الجماهير)دا چیە، واهەموو رۆژنامەکانی گرتووە، وئایا راستە داوێکە بۆ ئەوەی سومعەی تۆ بشێوێنن بۆ بەرژەوەندی سعودیە؟**

و/ زۆر بەرنامەی لەو شێوەیە هەبوون بەلاّم ئەوە دوا بەرنامەیانە، بێ گومان ڕاستە، ئەوانە دەیانەوێت سومعەم بشێوێنن، ئەوانە منیان بانگکرد گوایە سێ موداخەلەی تۆمارکراو هەیە کە دوور لە ستۆدیۆ تۆمارکراو، پێویستە وەلاّمی بدەمەوە، لەڕۆژی تۆمارکردنی بەرنامەکەدا خاتوو (فریال صالح)ی پێشکەشکار گوتی شاشەکە خراپ بووە ئەو موداخەلانە ناخەینە ڕوو، کە وەلاّمت نەداونەتەوە. بەلاّم حەپەسام کاتێك بینیم بەرنامەکەی پێشکەش کرد لەگەلّ ئەو موداخەلانەی کەمن وەلاّمم نەداوەتەوەو موداخەلەکانیش هەمووی هێرشی ناڕەواو قسەی ناشرین بوون، دوایی زانیم ئەوانە هەمووی تەزویر بوون، خۆیان بەئارەزوو ئەوەیان کردووەو خەلّکیان ڕاسپاردووە کە ئەو قسانە بکەن‌و لەناو بەرنامەکەی منیشداو لەچاوپێکەوتنەکەمدا دەخرێتە ڕوو بەبێ وەلاّمی خۆم بۆ ئەوەی هەلّوێستم لاواز بێت.

**پ/ جا قازا نجی سعودییە لەمەدا چیە؟**

و/ لەکۆنەوە کێشەیەك لەنێوان من‌و سعودیەدا هەیە، هەر لەبەر ئەو هۆیەش بڕیاری قەدەغەکردنی مامەلّەکردنیان لەگەلّ مندا داو ناویان خستمە لیستی ڕەشەوە، بەهۆی ئەو وتارە سیاسیانەی لەگۆڤاری (روز اليوسف)دا دەمنوسی، هێرشم بردبووە سەر ڕژێمی سعودیەو ئەو پرۆسە نامەشروعەی کە بەرامبەر خەلّکی پێشکەوتوی سعودیە دەکرێت.

**پ/ تێبینی ئەوە ناکەیت زۆر لەهێرشەکان بەهۆی ئەو گۆشە هەفتانەیەتەوەیە کە لەڕۆژنامەی (الّهرام) دەینوسیت بەناوی (قصر الكلام)؟**

و/ لەو گۆشەیەشدازۆرم لەسەر پەیوەندی نێوان عەرەب‌و چۆنیەتی ململانێی نێوانیان‌و چۆن دەکوژن‌و دابەش دەکەن‌و دژایەتی یەك دەکەن زیاتر لەوەی دژایەتی دوژمن بکەن، مەسەلەکان لەمیانەی شەڕە سیاسیەکاندا بوو کە هەمیشە مرۆڤ دەچەوسێتەوە، چونکە نوسەر ئەو مرۆڤە نیە کەلەسەر بورجێکی بەرز دانیشتبێ‌و ئاگای لەجیهان‌و دەوروبەر نەبێ، بۆیە پێویستە لەو گۆشەیەدا ئاژاوەچی بم.

**پ/ زنجیرە تەمسیلی (الرايه البيچاو) لەگەلّ ئەوە هاندەرێکی شۆرشگێڕانەیە بەلاّم کۆتاییەکەی کراوەیە، بەڕای جەنابتان کۆتایی کراوە لەدرامادا بەهەمان شێوەی کۆتایی کراوەی چیرۆك‌و ڕۆمان سەرنج ڕاکێشە؟**

و/ دوور لەوەی سەرنجی بینەر ڕادەکێشی یاخود نا، پێویستە پانتاییەك بۆ خەلّك بەجێ بهێلّم بۆ ئەوەی بەشداری گەیشتن بەکۆتایی بکەن، ئەمەوی پرسیارێك لەمیشکی بینەردا بوروژێنم کە لەکۆتایدا خۆی وەلامی بداتەوە، من بابەتەکە پیشکەش دەکەم داواش دەکەم خەلك لەگەل مندا بیربکاتەوە، بەباشی دەزانم لەهەندی درامادا کۆتاییان بدەمی لەهەندیکی دیکەدا بەتایبەت وەکو خۆت دەلی‌ی ئەگەر هاندەر بوو کۆتاییەکەی بە کراوەیی بەجی بهیلم. بۆ ئەوەی ناونەنریت بینینیکی خیراو لەبیرچووەوە، بەلام کاتیك پرسیاریك بی وەلام بەجی دەهیلم بینەر لەگەل نوسەردا بەشداری وەلامدانەوە دەکات لەمیانەی خەیالی خۆیەوە، ئەوەش درامای باش‌و سەرکەوتووە، من لەو کارانەدا وەرگر بەهاوبەشی نوسەر دەزانم لەکارەکەدا.

**پ/ نەجیب مەحفوز ئەلی(تۆ رۆمان نوسی ملیۆنەهایت کە ئەدەبی نوسراوت گواستنەوە بۆ ئەوانەی کەنانوسن‌و ناخویننەوە) تۆ چی ئەلییت؟**

و/ کاتی مامۆستای گەورەم نەجیب مەحفوز وائەلی، بەکۆمەلی خەلاتی دادەنیم دەیدەم لەبەرۆکم، وئەمەوی بلیم من‌و نەوەکانی ئەو سەردەمەی من کوری ئەو پیاوە مەزنە بوین، کوری بوینا بەبۆماوەیی هونەری، ئیمەش بەو جیناتە هونەرییەی لەنەجیب مەحفوزەوە بەبۆماوەیی بۆمان مابووەوە نوسیمان.

**پ/ دەبینین زۆربەی کارەکانت لەرەمەزاندا پیشکەش دەکریت ئەو دووبارە بوونەوەیە بۆچی؟**

و/ من کات‌و ماوەی پیشکەشکردنی هەلنابژیرم، من کارەکەم پیشکەش دەکەم‌و تەلەفزیۆن بریار دەدات لەکەیدا ئەو بەرهەمە پیشکەش بکات، کۆمەلی کاریشم کە بەباشترین کارم دادەنرین لەرەمەزاندا پیشکەش نەکراون بەلام بۆ ئەوانەی دیکە نازانم بۆ هەموو جاری دەیخەنە رەمەزان.

**پ/ دەزانین کە زیاتر لە (٤٠) زنجیرەی تەلەفزیۆنی رابردووت هەیە، ئەوەی بۆ داهاتوو چیە لەهەگبەتدایە؟**

و/ داهاتوو بەدەست خوایە، من ئیستا سەرقالی نوسینم، هەرچەند بەو دواییە زیاتر بایەخم بەشانۆدا، دوو رۆمانیشم چاپکراوە بۆ هاوینیش شانۆگەرییەك بۆ کۆمەلی شانۆی نەتەوەیی دەنوسم.

**پ/ تاچەند ئاگات لەهونەرو ئەدەبو**

www.kurdistannet.org 24-4-2003

**مەسەلەی کوردیە؟**

و/سەبارەت بەکورد لەناو جیهانی عەرەبیدا ڕۆڵی خۆیان هەیە، ڕۆڵی گەورەو گرنگیش، کێشەی کوردیش ئاڵۆزترینو گرنگترین کێشەیە لەمەیدانی ئەمڕۆدا نەك تەنها سەبارەت بە عێراق، لەڕاستیدا گەلی کورد ڕووبەڕووی ترسناکترین میحنەت بووەتەوە لەم چەرخەداو زۆریش گاریگەرە، بەپێی توانا هەوڵمدا لەڕەهەندەکانی ئەو کێشەیە تێبگەم. زانیم کە تەنها کێشەی کوردی عێراق نییە بەڵکو هی ئەو کۆمەڵە سیاسیانەشە کە لەمەیدانەکەدا بونیان هەیە، تەنانەت لەتورکیاش کە پەیوەندی بە عەبدوللاٰ ئۆجەلانەوە هەیەو چی بەسەر ئەو گەلەدا هات چونکە ئارەزووی گوزارشت کردن لەخودی خۆی هەبوو، کەتەنها داوای مارەسە کردنی مافی خۆی، هەروەها ئەو جیاکارییەی کەتوشی دەبێت. جیاوازی مافی گەلی کورد ئەوەیە کە دەیەوێ گوزارشت لەخودو جیاوازیو کەسایەتی خۆی بکات. ئەوەش مافێکە لەمافەکانی مرۆڤو کەس ناتوانێت نکوڵی لێ بکات.

مەسەلەکە تەنها بەتێکەلاٰوکردنی نەتەوەکان ئیلتباسی تێکەوت، واتە پێم وایە کێشەی نەتەوەی کورد وەکو کێشەی ڕۆشنبیری ئەمازیغی لەباکوری ئەفریقاو هەموو ئەو کەمە نەتەوەیانەی لەنیشتمانی عەرەبدا هەن بنج داکوتاون، پێویستە تێڕوانینێکی جیاوازیان هەبێت بۆیان، من بۆخۆم دەترسم ئەو مەسەلەیە لەلایەن هێزی ترەوە بقۆزرێتەوە واتە لەسەر ئاستی بۆچونو فکر لەپەیامی توێژینەوەدا– مافی خۆیانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت (الحکم الذاتیی) ئەوە کەمترین شتە کەداوای دەکەن، ئەگەر داوای دەوڵەتی کوردیش بکەن کەسەرجەم کوردەکانی باکورو باشوری تورکیاو عێراقو ناوچەکانی تر بگەرێتەوە ئەوە ساکارترین مافی خۆیانە، بەلاٰم تەنها شتێك کەمن لێی ئەترسم ئەوەیە ئەوکاتە هێزی بیانی یاری پێ نەکاتو نەیانکات بەئامرازێك بۆ ئەوەی لەبەرژەوەندی عەرەب بدات، کەپێم وایە زۆر لایەنو گروپ هەن لەناو گەلی کوردا کەخۆشیان دژی ئەو جۆرە مەترسیەنو لێشی دوور دەکەونەوە، بەو بەڵگەی کەتۆ دەڵێی تەنها داوای(الحکم الذاتی) دەکەن لەناوچەکەدا.. داوای زیاتریان نیە، کەواتە ئەوانیش خۆیان دوور دەخەنەوە لەهاوبەشی کردن لەنەخشەی بیانی کە لەناوچەکەدا هەیە.

سەبارەت بەهونەری کوردیش من خوازیارم بیبینم بەداخەوە ئێمە بێ بەش کراوین لەحەقیقەتی ئەو گەلەو ئاگامان لەکەلتورو ڕۆشنبیری نیە ئەوەش بەهۆی ئێوەوە نیە.

من وای دەبینم لەدوایدا هیچ شتێك دروست نیە جگە لەڕاستیو دروستی، ئەو ئاڵۆزیانەش لەناوچەکەدا بەهۆی بارو زروفی ئێستای عێراقەوە،و نەتەوە یەککگرتووەکان چارەسەری لەمیانەی چارەسەرکردنی ناوچەکەدا هەیە بۆیان، ڕۆژهەلاٰتی ناوەڕاستیش هەمووی پڕە لەململانێو ئیحتمالات، چارەسەریش بۆ تەنها ناوچەیەك نابێت بەڵکو بۆ هەموو مەیدانەکە دەبێت، کێشەی فەلەستینو ئیسرائیل کێشەی کوردو کێشەی کەمە شیعەکان.

من گەشبینم بەدوا ڕۆژ، لەناخی دەرونمەوە سەرسامی کەسایەتی کوردو بەرگری کردنیانم، توانەوەشیان لەهەر ئۆقیانوسێکی تردا ڕەت دەکەمەوە، پێداگرتن لەسەر تاك ڕەهەندیو تایبەتمەندی نیشانەیەکە لەنیشانەکانی گەلێکی بەهێز، من دڵنیام کورد گەلێکی بەهێزەو دەشتوانێ هەموو خواستەکانو تاك ڕەهەندەیو کەسایەتی خۆی بهێنێتە دی.



**پ/چی بەرژێمێکی وەکو صەدام حسین دەڵێی کە گەلەکەی خۆی بەچەکی کیمیاویو کۆکوژ لەناو دەبات، پێشێلی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکات؟**

و/ئەوەی صەدام حسینو ڕژێمەکەی بەرامبەر بەگەلی عێراق کردیان ئیتر چ کورد بێت یان عەرەب، شتێکی شەرمەزارکەرەو عەیبو عارێکە کە ناکرێ بەرگری لێ بکرێت. لەوانەیە تەنها شیوەن ئەوە بێت کەکوردو عەرەب لەدەستی دەرنەچوونو هەردولای توشی کارەسات کردووە، ئەو ڕژێمە هەر ئەوەی بەسەر گەلەکەی هێناوە چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لەعێراقدا لەباکورو باشورو ناوڕاستیدا ڕوودەدات بەهۆی صەدام حسینی ترسناکەوەیە.

**پ/بێ گومان ئێوە کارەساتی ئەنفالو هەڵەبجەتان بیستووە، دەزانن (٥٠٠٠) مرۆڤ بەکیمیاوی شەهید کراونو (١٨٢)هەزار کەسیش بەناوی ئەنفالەوە هەتا ئێستا بێ سەرو شوێنن، کاتێ ئەو کارەساتەتان بیست هەڵوێستان چی بوو؟**

و/تەواو کەمتەرخەم بووین، تەنها بەهانەیەك ئەگەر بەهانە هەبێت، ئەو پەردە ئیعلامییە کەڕژێمە عەرەبەکان بەکاری دەهێنن، چونکە ڕژێمی گشگیرەو هیچ گوزارشتێك یان بوار بۆ گوزارشتکردنی دیموکراسی تێدا نیە، بۆیە ئەو کارەساتانەی واپیشاندا کە بەرگرییە لەعەرەبو دژایەتی کردنی دەست تێوەردانی بیانییە کە دەیانەوێ عێراق بپێکن، بەلاٰم لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەو لەمیانەی ڕۆژنامە بیانیەکانەوە بەو قەسابخانە ناشرینەمان زانی کە بەرامبەر بە کورد کردویەتی، هەستم بە خەجاڵەت بوون کرد کە ئەوە لەسەر دەستی کەسێك کراوە پێی ئەڵێن لەنەتەوەی عەرەبە.

ومن پێم وایە ئەو ڕەگەزپەرستییە هێزی عەرەبی لەناوبرد.

**پ/بۆچی لەسەر مەسەلەی جینوساید نەوەستایت لەنوسینەکانتو هیچ شتێکت لەسەر ئەو مەسەلەیە پێشکەش نەکرد.**

و/چونکە هیچ زانیارییەکم سەبارەت بەو شتانەی ڕویانداوەو ڕوو دەدەن لەلا نییە.

**پ/ئەگەر ئەو زانیارییانەت بۆ ئامادەکرا؟**

و/بێ گومانبە ئەو کاتە شتی باشی لەسەر دەکەم، ومن زۆر مەمنونی تۆ دەبم ئەگەر ئەوەم بۆ بکەیت، چونکە زانینی خاڵی سەرەتایی هەموو شتێکە.

پ/نزیکترین کەس لە ئوسامە ئەنوەر عەکاشەوە کێیە؟

و/نەوەکەمە، ئەو مناڵە زیتەڵو وریایەی کە شەربەتەکەی بۆ هێنایت، بەردەوام لێمەوە نزیکەو ئێستا ئەو خۆشەویسترین کەسە لەدڵی منەوە.

**پ/صەلاح السعدنیو یحیی فخرانی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

و/گرنگترینو بەنرخترین دوو هونەرمەندن جگە لەوەی هاوڕێمن لەسەر ئاستی کەسی نەك کارکردن، پەیوەندییەکی زۆر پتەومان هەیەو زۆرم خۆش دەوێنو پێم وایە لەوهونەرمەندە زۆر باشانەن کە نمونەیان زۆر کەمە.

**پ/هاوسەرەکەت لەبواری هونەرو ئەدەبدایە یان لەدەرەوەی بوارەکەدایە؟**

و/من لەتەمەنی هەرزەکاریدا ژنم هێناوەو هاوسەرێکی تەقلیدی بوو، واتە کەسوکارم ژنیان بۆ هێنام منیش ڕازی بوومو هیچ پەیوەندییەکیشی بەناوەندی هونەریو ئەدەبییەوە نیە.

**پ/چی بەو جەماوەرە زۆرە ئەڵێی کە لەکوردستان هەتە؟**

و/پێش چەند ساتێك وتم من سەرسامی زۆر سیفاتی گەلی کوردم، ودەمەوێ پێیان بڵێم محنەت پیاو دەتوێنێتەوە، بەلاٰم کانزا ئەسڵییەکە ناسڕێتەوە، ئاگریش ئاسن بەهێز دەکات لاوازی ناکات، وەکو دەشڵێن (ماضاع حق وارءه مطالب) واتە ئازادی نەتەوەیی بۆ هەر گەلێك لەگەلان لەجیهاندا مافی خۆیەتی، خۆشی دەتوانێت ئەوە بسەپێنێت بەپابەندبونی بەمافی خۆیەوەو کۆڵنەدان ......

**پ/پێت خۆشە ئەگەر دەعوەتت بۆ کرا سەردانی کوردستان بکەیت؟**

و/ئەگەر ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێت زۆر زۆرم پێ خۆش دەبێتو زۆریش خۆش بەخت دەبم.